# بەهەشت لەژێر پێی هەڵەبجەدایە

بەختیار کەریم

هەر سەد ساڵ جارێک
خودا
سەرخەوێک لە پێخەفی عەرشی خۆیدا دەشکێنێت
لە سەدەی بیستەمدا و
لە ئێوارەیەکی هەڵەبجەییدا
خودا هەناسەی تووندبوو
سەری جەنجاڵ و خەواڵوی سەدەیەکی
بۆ دنیای بێئاگایی هەڵگرت
هەر ئەو ئێوارەیە ژەهری لە قووتونراوی خۆرئاوا
کە بۆ هەڵەبجەیان بەدیاریی ناردبوو
ڕژایە گەرووی بێگوناهی هەڵەبجەی خوداناسەوە

کاتێک خودا وەئاگاهات
سەرسام بوو کە دیتی
وا هەڵبجەی خنکاو
هێشتا پشتی داکۆماوی کڕنووشی نوێژی شێوانیی
ئەو ئێوارەی ژەهرەی بڵند نەکردبووەوە
هەر بۆیە خودا فەرمانیدا چیتر
بەهەشت لەژێر پێی هەڵەبجەدایە

# هەڵەبجە و خودا

گەر لە ئاسمان لە دوی خودا و هەڵەبجە گەڕای
سەر نەویکە بۆ قووڵایی
تا خەیاڵ بڕکات قووڵایی
دەبینیت
لە ئامێزی ریزێک چیای بڵنددا
لای چەپی ئیمانێک چون بەفر سپی
لەسەر کانیلەی عیشقێکی خنکاو
دەبینیت
شارێک لە تەمومژدا پێشنوێژی دەکات
دەبینیت خودا وەک تۆپەلێک دوکەڵ
ڕوو لە باڵامبو
لە ڕیزی پێشی پێشەوە
ڕاستەوڕاست لە پشت هەڵەبجەوە
وا لە ڕکوعدا